ڕێگای کوردستان
دووشەممە 8ی نیسان (ئەپریل)ی 2002 ژمارە (497) ساڵی (57)

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هاوڕێ حەمید مەجید موسا

له یادی 68 ساڵەی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقدا

سازدانی دیمانه ———— ئاسۆ

له 68مین ساڵیادی دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقدا، چاومان کەوت بە هاوڕێ (حەمید مەجید موسا) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقو، لەم یادەدا چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد:

- هاوڕێ لەم یادەدا چ پەیامێك ڕادەگەیەنن؟

+ بەر لە هەر شتێك پیرۆزبایی گەرم لە هاوڕێیانو هەموو ئەوانە دەکەم کە بەشدارییان کردوە لە دامەزراندنی ئەم حزبەداو، کاریان لەگەڵدا کردووە، یاخود پاڵپشتی حزب دەکەن، کە ئومێدەوارین جێگەی باوەڕی هەموو ڕۆڵەکانی گەل بێت، بۆ وەدیهێنانی ئاواتەکانییان لە ئازادیو دیموکراسیو ئاشتیدا. سڵاوی ڕێزو حورمەت بۆ شەهیدانی حزب، خێزانی شەهیدان، بۆ هەموو ئەوانەی قوربانییان داوە لە پێناو بەردەوامبوونی چالاکییەکانی حزبدا بە درێژایی مێژووی پڕ سەروەری، لە ساڵی 1934 وە تائێستا. سڵاو لەڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە هەر جێگایەك بن، کە بە دەست کۆتو زنجیری دیکتاتۆریو ئابڵوقەوە دەناڵێننو مەینەتی ئەومەترسییانە دەکێشن کە ئەم ڕۆژانە هەڕەشە لە ولاتەکەمان دەکەن.

- هاوڕێ حەمید، کێشەی جەنگی دژە تیرۆر ئێستا سەر لیستی کێشە جیهانییەکانیدنیایە، بەڵام نەبوونی پێناسەیەکی یەکگرتوو دیاریکراو بۆ (تیرۆر- داپڵۆسینو تۆقاندن) بارودۆخێکی ئاڵۆزو مەترسیداری هێناوەتە ئاراوە، چونکە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە پەنایدا هەوڵی سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازیو سیاسیو ئابووری خۆی دەدا، وەکو تاك جەمسەری ئەم سەردەمە، ئێوە چۆن دەڕواننە ئەم کێشەیە، بە تایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە لێدانی عێراقو گۆڕینی ڕژێمەکەیەوە هەیەو، پێشبینیی چ ئایندەیەکی بۆ دەکەن؟

+ تیرۆر کۆنە، هۆکارەکانیش زۆرن، ڕۆژی 11ی ئەیلول دەستی پێ نەکردووە، بەڵکو بەر لەم مێژووەش

تیرۆر

زیانبەخشەو دەبێ ئیدانە بکرێ.!

دیاردەکانی زۆربوونو بە زۆر شێوە پەیڕەو دەکرا، ئەومەینەتییانەی کە گەلان لە سەر دەستی داگیرکەرانوجەلادو ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان چەشتییان، تیرۆر بوو، کاتێك گەلان سەرکوت دەکرێن، کاتێك هەژاری بڵاو دەبێتەوە ،کاتێك هۆشیاری لاواز دەبێت، زەمینەی لە بار دەخولقێ بۆ تیرۆر. ئەمەش وەکو پەیڕەوێکی هەڵە، وەکو ئاکارێکی ناسروشتی بۆ بەرگریکردن، لەوانەشە بەرگری بشێوێنێ، بەڵام ئەم شێوازە بۆنارەزایی دەربڕین لە سەر بارودۆخێکی ناڵەبار، تەنیا بە سەر ناوچەیەکدا، یان بەسەر گەلێك، یا بە سەر ئاینێکدا دانەبڕاوە، بەڵکو دیاردەیەکی جیهانییە ،لە ئەمریکاو لە ئەوروپاشدا چەندان ڕێکخراوی تیرۆریست هەن کە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان شێوازی توندوتیژی ناڕەوا پەیڕەو دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەم ئامانجانە ڕەواش بن، بەڵام تیرۆر شێواندنی واتاکانی تێکۆشانە، شێواندنی بەرگری دادوەرانەیە، تەنانەت دوژمنانی گەلان بەر لە هەر کەسێکی دیکە پەیڕەوی دەکەن، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت خەڵکی تر بکەنە کۆیلەو ئێستا هەوڵی خۆسەپاندن دەدەن، ئاخۆ لە بیرمان بچێتەوە کە ئەوەی بە مجاهیدینی ئەفغان ناویان دەبرێو بە تایبەتیش (بن لادن)و کۆمەڵەی قاعیدە، بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکران؟ ئایا لە بیرمان دەچێ کە شارۆن کردەوەکانی بۆ تیرۆرکردنی گەلی فەلەستینو قەسابخانەکانی کە ڕۆژانە بەرپایان دەکەن لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێ؟ بێگومان تیرۆر کارێکی دڕاندانەیە، کارێکی مەحکوم کراوەو، ئەوەشی کەلە (11ی) ئەیلول لە واشنتۆنو نیویۆرکدا ڕوویاندا دەبێ ئیدانە بکرێو، چونکە تاوانێکە لە دژی بێتاوانان.

بە داخەوە چەندین ساڵە لە نێو نەتەوە یەکگرتووەکاندا گفتوگۆ بەردەوامە بۆدانانی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ (تیرۆر) ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی (تیرۆر) یاخود کاری توندو تیژی دژی خەڵکی سڤیلو جیاکردنەوەی بەرگری نیشتمانی ڕەوا لە پێناو ئازادیو مافە نەتەوەییەکاندا، یاخود تێکۆشانی گەلان لە دژی دیکتاتۆریو لە پێناو مافەکانی مرۆڤو دیموکراسیدا، بەڵام ئەم هەوڵانە هەمیشە لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاو هەندێ لە هاوپەیمانەکانییەوە ڕەتکرایەوە، ئێستاش دوای ئەوەی لە ئەمریکادا ڕوویدا سەر لە نوێ گرنگیو پێویستی دیارکردنی پێناسەیەك بۆ تیرۆر هاتەوە ئارا. ئەمەش لە پێناو وەدەستهێنانی یەکدەنگییەکی نێو دەوڵەتیو، لە پێناو دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکی نێو دەوڵەتی دژی تیرۆر. تا ئەم ساتەو، وێڕای داواکاری دووبارە کردنەوەش، ئیدارەی ئەمریکا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە دەست بکرێ بە خۆ ئامادەکردن بۆسازدانی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو دیاریکردنی واتای (تیرۆر)و، چەمکی تیرۆروسنووری تیرۆر. ئەم مەسەلەیە بە ڕێکەوت نیە، یان لە نەزانینییەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو مەبەستێکی لە پشتەوەیە، ئەویش دەست واڵاکردنی ئیدارەی ئەمریکایە بۆدژایەتی کردنی هەر کەسێك کە ڕووبەڕووی سیاسەتی ئەمریکا دەبێتەوە.

ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێ ناوی هەر کەسێك بخاتە سەرلیستی تیرۆر کە دژایەتی ئەمریکا دەکەن، تاوەکو ڕێگەی لە بەردەمدا واڵابێتو، بە ئارەزووی خۆیو بێ لێپێچینەوە لە دژی ئەو لایەنانە بکەوێتە کار. لە ڕاستیدا چارەنووسی جیهانو پێشکەوتنی جیهان بە ئاراستەیەکی ئاشتییانەو ئازاد، بە ڕادەیەکی زۆر بەندە بە پێویستی کاراکردنی شەرعیەتی نێو دەوڵەتیودیاریکردنی چەمکەکان بە جۆرێك کە

ئامرازانەی کە دەیانەوێ شەڕی دژە تیرۆری پێبکەن، بۆچییە خۆبە زل زانین بە سەر شەرعیەتی نێو دەوڵەتیدا ،خۆبە زل زانین بەسەر دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. ئەگەر خاوەنی مافو دادوەرین دەبێ پەنا بەرینە بەر شەرعیەتی نێو دەوڵەتی، ئەمە یەکەم، قۆناغی یەکەمی بەناو چەمکی دژە تیرۆر کۆتایی پێهات هەروەك ئیدارەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە لە هەر کوێیەك بێت لە ئیرهاب دەدات. سنووری کاتێکی دیاریکراوی بۆ ئەم هەڵمەتە دیاری نەکرد، بەڵکو دەڵێ: ئەمە شەڕێکی درێژخایەنە، شەڕێکە هەموو جیهان دەگرێتەوەو، بە ئامرازی نائاساییو جۆراوجۆر بەرێوە دەچێ، کەواتە قسە لە سەر ئەم ناونیشانەیە یاخود لێکۆڵینەوە لە سەر ئەوەیە کە ناوی لێنراوە قۆناغی دووەمی جەنگ لە دژی تیرۆر لێرەشدا ناوی عێراق دێ بە سەرچاوەگرتن لەوەوە کە سەرەتا ئاماژەمان پێکرد، واپێدەچێ ئەو چەمکەی بۆ دژایەتی کردنی تیرۆریستان، لە ئەفغانستاندا پشتی پێ بەستراوە، سەرانی بەغدا ناگرێتەوە، چونکە هەموو ئەو هەوڵانەی کە درانو هەموو ئەو لێدوانانەی کە سەبارەت بە تێوەگلانی دەسەڵاتدارانی بەغدا دران سەبارەت بە پاڵپشتی کردنی بن لادن یاخود ڕێکخراوی قاعیدە، یاخود سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی (ئەنتراکس) تا ئێستا نەسەلمێنراون، کەواتە حیسابێکی کۆنو ناکۆکی دیکە لە ئارادان، لە دەرەوەی ڕووداوەکانی 11ی ئەیلولو، ئیدارەی ئەمریکا دەیەوێ بیانووڕوژێنێو بارودۆخی ئێستای جیهان بقۆزێتەوە بۆ بەرپاکردنی جەنگ لە دژی عێراق. لێرەدا وای بۆ دەچم کە پێویستە دووپاتی بکەینەوەو ڕوونی بکەینەوە کە کاتێك قسە لە سەر یەکلانەبوونەوەی بەشداری کردنی ڕژێمی عێراق لە کردەوەکانی بن لادنو لێدانی واشنتۆن دەکەین، واتای ئەوەنییە تەزکییەی ڕژێمی عێراق دەکەین، کە ڕژێمێکی تیرۆریستە، بەڵام بە بەڵگەو ئاماژەی دیکە، بەوەوە تیرۆریستە کە دژی گەلی عێراق ئەنجامی داوە، بەوەی کە لە هەڵەبجەو، لە ئەنفالەکاندا، لە زۆنگاوەکاندا، بە کوشتنی ڕاپەڕیوەکانی 1991 ئەنجامیدا، ڕژێمی بەغدا بەم واتایە تیرۆریستە، بەداخەوە کاتێك کە ڕژێمی عێراق بە دزێوترین شێوە کاری تیرۆریستانەی ئەنجام دەدا زۆر لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بێدەنگ بوون. کەواتە کاتێك قسە لە ڕووداوەکەی نیویۆرك دەکەین ڕژێمی عێراق ناگرێتەوە، مەبەستمان ئەوە نییە کە ڕژێمی عێراق بە بێتاوان لەقەڵەم بدەین، تاوانباروتیرۆریستە، بەڵام بە هۆکاری جیاواز ئێستا بە دوای هۆکارێکی دیکەدا دەگەڕێن، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە عێراق چەکی کۆمەڵ کوژی هەیە، پەیوەندی بە کاری لیژنەکانی پشکنینەوە هەیە کە زیاتر لە دووساڵە ڕاگیراوە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیەوێ بارودۆخەکە بقۆزێتەوەو کێشەیەکی کۆن یەکلا بکاتەوە کە بەر لە 11ی ئەیلول ڕوویداوە.

زۆر شتهەن کە پاڵ بە ئیدارەی ئەمریکاوە دەنێن تاوەکو ئەم مەسەلەیە ببزوێنێ، بەڵام ئاکامەکان زامن نین. ئەوەی دەخرێتە ڕوو قەدەغەکردنی ڕژێمە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاری تیمەکانی پشکنین بۆ نەهێشتنی چەکە کۆکوژەکان. دەیانەوێ ئەمە هۆکاری سەر لە نوێ لێدانەوەی عێراق بێ، ئێمە شیوعیەکان، هەمیشە وای بۆ دەچین کە پەنابردنە بەر جەنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکان، کارێکی زیانبەخشو ڕەتکرایەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان ئامرازو ڕێگا چارەی جۆراو جۆری سیاسیو ئابووریو دیبلۆماسیو تەنانەت سەربازیشی هەیە کە بەشی ئەوە دەکات، ئەو وڵاتانەی کە لە بڕیارە نێو دەوڵەتییەکان یاخی بوون ناچاریان بکات ملکەچی شەرعیەتی نێو دەوڵەتی بن، کەواتە

ڕێکەوتن لە سەری هەبێو، جیاوازی لە نێوان تیرۆرو ناتیرۆردا بکاتو سیمای دیاری بکاتوهەروا چونێتی مامەڵە کردن لە تیرۆرو تیرۆریستانیش دیاری بکات، ئەمەش تاوەکو بڕیارەکان ڕەزامەندییان لە سەر هەبێ، بەرەڵڵا نەبنو، ڕەها نەبن بە جۆرێك کە زلهێزی دنیا خۆی لە پشتیەوە حەشاربداتو بە ئارەزووی خۆی هەرچی بوێت بیکات.

بەڵێ تیرۆر زیانبەخشەو پێویستە ئیدانە بکرێ، ئەگەر پاڵنەرەکانی هەر چیەکیش بن سیاسی، ڕەگەزپەرستی، ئایینی، هەرچییەك بێ تیرۆرە.یەکدەنگی جیهان لە سەر ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر لە پێویستی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێ، لە پێویستی بۆ پێشکەوتنی دیموکراسی ئاشتیانەی ئازادەوە سەرچاوە دەگرێ، بۆهەموو وڵاتان، هەروا لە پێویستی پەنابردنە بەر شەرعیەت بۆ وەدەستهێنانیمافەکان. ئەمە دەسپێکی دروستە، بەڵام کاتێك دەمانەوێ ڕاوەدووی تیرۆریستان بنێین، پێویستە، غەریزەو ڕقو کینەو بڕیارە پێشوەختەکان نەبنە سەرچاوەی هەنگاوەکانمان بۆ ڕاوەدوونانی تیرۆریستان. بۆنموونە ئەوەی لە ئەفغانستاندا ڕوویدا بێبەش نییە لە هەرەمەکی، ئەگەر ڕێکخراوی قاعیدە بەرپرس بوو، ئەگەر بن لادن سەرکردایەتی ئەو پرۆسەیەی کردووەو لە ئەفغانستان پێگەیەکی بۆ ئەوان دابینکردووە، دەبوایە ئەم مەسەلانە بخرێنە بەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان تاوەکو بڕیار بداتو چوارچێوەو ئامرازی شەرعی دارێژێ بۆ ناچارکردنی ئەفغانستان کە ڕاوە دووی ئیرهابییەکان بنێت بۆچی ئیدارەی ئەمریکاو هەندێ لە هاوپەیمانانی تاکڕەوی دەکەن لە هێرش کردنە سەر ئەفغانستان یا لە دەستنیشانکردنی ئەو شێوەو

بۆچی وڵاتە یەکگرتووەکان دەیەوێ تاکڕەوانە بڕیار بدات، ئەوە وێڕای نارەزایی هەموو ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش، جگە لە بەریتانیا هەموویان دووپاتی دەکەنەوە کە دەبێ پشت بە شەرعیەتی نێو دەوڵەتی ببەسترێ، ئەنجومەنی ئاسایش، بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، بەڵگەنامە نێو دەوڵەتییەکان وەکو ڕێگایەك بگرێتە بەر، وەکو شێوازێك بۆ سەپاندنی هەڵوێستێکی نوێ دژی ڕژێمی عێراق، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا ڕێگاچارەی جەنگ ساناتر دەکاتومەبەستیەتی تاکڕەوانە لە دژی عێراق بجەنگێ، لە ڕاستیدا لێرەشدا دەبێ ڕوونی بکەینەوە کە ئێمە کاتێك قسە لە سەر جەنگ دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بە تەنگ سەرانی ئەو ڕژێمەو تاقمەکەیەوە بین، بەڵام لە ئاکامەکانی ئەو شەڕە دەترسین دەرهەق بە جەماوەرو خەڵکیو ڕۆڵەکانی گەل، لەو وێرانیو خاپووربوونە دەترسین کە ڕوو دەدات، لەو هەموو قوربانییە بێتاوانانە دەترسین کە بێگومان لە کاتی جەنگدا ڕوو دەدەن. ئەمەیە کە ئێمە نیگەران دەکاو ئەمەش لە بنەڕەتدا زیان بە ملیۆنەها بێتاوان دەگەیەنێ، نەك تەنها هەر لە ئێستادا بەڵکو بۆ ساڵانێکی دوورو درێژی داهاتووش، ئەمەیە کە هانمان دەدات بۆ ئەوەی داوای پەنابردنە بەر ڕێگا چارەی دیکە بکەین، جیا لەڕێگا چارەی جەنگ، دەگوترێ ئیدارەی ئەمریکا نایەوێ تەنها جەنگێك لە دژی عێراق بەرپا بکات، بەڵکو ئامانجی گۆڕینی ڕژێمەکەیە، ئێمە دەمانەوێ ئەو ڕژێمە بگۆڕدرێ، بەڵام بە هۆی جیاوازەوە، ئامانجەکانیشمان جیاوازن، کەواتە ئێمە لە هەڵبژاردنی ئامرازەکاندا جیاوازین، ئەوەی دەیەوێ ڕژێم بگۆڕێو ئەڵتەرناتیڤێکی دیموکراسیو عێراقێکی دیموکراسی فیدراڵی یەکگرتووە دابمەزرێنێ، ناتوانێ ڕێگا چارەیەکی باشترو زامنتر کراو بەدی بکات لە کارێکی جەماوەری میللی کەجەماوەرو هێزە سەربازییەکان بەشداری تێیدا بکەنو ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی سەرکردایەتیبکات بۆ گۆڕینی ڕژێم. بەڵام ئەوەی کە ئامانجێکی تری هەیە، بێگومان بیر لەوە ناکاتەوەکەحزبەکانو جەماوەر بەشداری تیا بکەن، بەڵکودەرگا بۆچاوەڕوانی ئاوەڵا دەکاتو لەدوورەوە چەپڵە بۆ ڕووداوەکان دەکوتێ، چونکە بە لایەوە گرنگ نییە چی ڕوو دەداتو چی بە سەر خەڵکی دادێ، ئەوانە پەنا دەبەنە بەر خودی جەنگ خاڵی جیاوازیمان لێرەدایە، ئەو گۆڕانەی ئامانجمانە، گۆڕانێکی بنەڕەتییە، گۆڕانێکە جەماوەر لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا بەشداری تێدا دەکەن، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ وڵات لە سەر بنەمایەکی نوێ بنیات بکەنەوە. ئەمەش کە لە لایەن ئیدارەی ئەمریکاوە دەخرێتە ڕوو نادیارە، سیمایەکی ڕوونی نییە، هەموو ئەوەی کە دەهۆڵی بۆ دەکوتن دواجار گۆڕانێکی سەرخانییە لە ناو دەزگاکەدا، گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بارودۆخی وڵاتەکەدا پێکناهێنێ، ئاخۆ ئەمەیە کە ئێمە دەمانەوێ لە عێراقدا ڕووبدات؟

ئێمە لە دژی جەنگینو ئامانجمان گۆڕانێکی بنەڕەتییە

وێرانیو ڕووخاندنێکی بێ ئاسۆ، بێ ئەلتەرناتیڤێك کە سەر لە نوێ بنیاتنانەوە دابین بکاتو، دەستەبەری بە خۆماڵی کردنی دیموکراسیو مافی مرۆڤو.. هتد بکات؟

بێگومان نەخێر بۆیە ئێمە وای بۆ دەچین کە ڕێگا چارەی دروست گەڕانەوەیە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەر ڕژێمی عێراقو ناچارکردنی کە ڕێگە بدات بەگەڕانەوەی پشکێنەران. ئێمە لە پێناو ئەوەی کە جەنگ ڕوونەدات دووپاتی دەکەینەوەو فشار ئەنجام دەدەینو داواش دەکەین کە ڕژێمی عێراق ڕێگەی گەڕانەوەی لیژنەکانی پشکنین بدات، تاوەکو شەر ڕوو نەدات، چونکە زەرەرمەندی سەرەکی ملیۆنەها خەڵکی عێراقن نەك ئەوانەی کە خۆیان لە ئەشکەوتو پەناگەکان حەشار دەدەن، ئەوان دەتوانن خۆیان قورتاربکەن، ئەوەی کە بەلای ئێمەوە گرنگە بەرژەوەندی خەڵکە.

بەم پێیە پێویستە لە ڕێگای شەرعیەتی نێو دەوڵەتییەوە فشار بخرێتە سەر ئەو دەسەڵاتدارانە، ئەگەر بە ڕاستی ئارەزووی ڕووخانی ڕژێم دەکەن با یارمەتی بەرهەڵستکاری عێراق بدەن، یەکەمجار با ڕێگای یەکگرتنیان ئاسان بکەن بێ دەستێوەردانو، دواتریش پاڵپشتی مادیو مەعنەوییان پێشکەش بکەن، بە جۆرێك کە توانای ڕووخاندنی ڕژێمیان هەبێ، ئەو کات سوپاسی ئەم کارەیان دەکرێ. بۆیە دەڵێم ئێمە یارمەتی نێو دەوڵەتی ڕەتناکەینەوە، چونکە هەندێك دەڵێن کە هەندێ هێز هەن یارمەتی نێودەوڵەتی بۆ ڕووخاندنی سەدام. ئێمە پاڵپشتی نێو دەوڵەتی ڕەتناکەینەو، بە پێچەوانەوە پاڵپشتی نێو دەوڵەتیمان دەوێ، بەڵام دەمانەوێ پاڵپشتییەکی نێو دەوڵەتی شەرعیو خاوێن بێ، بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق لە بەرچاو بگرێو، بەرژەوەندی ئەوانی دیکە پشت گوێ نەخات، ئەمەش جیاوازە لەوەی کە هەندێك دەسەڵات دەخەنە ئەستۆی خەڵکی دیکەو دەیەوێ بۆ خۆی پاشکۆی ئەوانی دیکە بێ. پێویستە ئەم جیاوازییە ڕوون بێت. ئێمە لەگەڵ گۆڕیندا ین، لەگەڵ پاڵپشتی دەرەوە داین، بەڵام لە چوار چێوەیەکی شەرعیو خاوێندا، ئێمە ئومێد ناکەین، یەك ڕۆژیش تەمەنی ڕژێم درێژتر بێت، بەڵام دەپرسین ئەو ئەلتەرناتیڤە چییە کە دوای ئەوەدێ، ئەو جێگرەوەیە چی

سووربوون لە سەر ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنین چییە؟ وای بۆ دەچم کە باشترین شێوازو باشترین هەڵبژاردە نەهێشتنی بیانووەکانە، بۆئاسانتر نەکردنی ئەرکی ئیدارەی ئەمریکا لە پەنابردنە بەر جەنگ، ڕازی بوونە بە گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنین.

ئەوکاتیش هەر شتێكوقسەی خۆی دەبێ، ئەوکات عێراقو ئەوانی دیکەش هەلێکیان بۆ دەڕەخسێ کەباسی ئەوە بکەن عێراق ملکەچیشەرعیەتی نێو دەوڵەتی بووەو، ئەوکاتیش ئەگەر چەکی کۆکوژ هەبوو با وێران بکرێن. چونکە کێشەکە لەوەدایە ڕژێمی عێراق بە ناڕاستگۆیی ناسراوەوکەس بڕوای پێ نەماوە، بۆیە زۆر زەحمەتە کەسێك بڕوا بە قسەکانیان بکات لەوەی هیچ چەکێکی کۆکوژیان نیە، کەواتە دەبێ تیمەکانی پشکنین، کە دەبێ بێ لایەن بن، بگەڕێنو لە ئاکامدا، بڵێن کەئاخۆ چەکی کۆکوژ هەن یان نین، ئەگەر نەبوون لانی کەم ڕژێم لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی کۆمەڵێك هێزو لایەنی دەست دەکەوێ کە بەرگری لێبکەن بەرامبەر بە بۆچوونی ئەمریکا.

ڕای گشتی بەهایەکی زۆری هەیە، ڕەنگە ئیدارەی ئەمریکا بڵێ بە تەنیا پلانەکانی خۆی جێبەجێ دەکا، ئەمەیان شتێکی دیکەیە، بەڵێ ئەمریکا وەکو هێزێك لە توانایدایە هەر جەنگێك بەرپا بکات، ئابووری پێویستی هەیە، چەكو سوپای هەیە.. بەڵام مەسەلەکە هەر ئەوەندە نییە، لە ڕووی سیاسییەوە لە توانایدا نییە ڕای گشتی جیهانی پشت گوێ بخات، تەنانەت هاوپەیمانەکانی ئەمریکاش کە لە ئێستادا هەندێکیان فراوانترکردنی جەنگ لە دژی عێراق ڕەتدەکەنەوە، چونکە داوای بەڵگەی یەکلاکەرەوەدەکەن، بەڵێ ڕای گشتی تا ئێستاش سەنگی خۆی هەیە، ئامانجی ئەمریکا بۆگۆڕینی دەسەڵات لە عێراقدا هەر دەمێنێ بەڵام ئەم سیاسەتە کە ئاماژەمان پێکرد لە توانایدا دەبێ گەلەکەمان لە قەسابخانەیەکی مرۆیی قێزەون ڕزگاری بکات.

- سەبارەت بە گۆڕینی دەسەڵات لە عێراقدا ئاماژەمان بە پێویستی یارمەتیدانی ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانی کرد، بە ڕای ئێوە هێزەکانی ڕاستەقینەی گۆڕینی دەسەڵات کامانەن، ئاخۆ ئەو هێزانە لە ئاستی ئەو گۆڕانەدان، ئاخۆ بە ڕاستی لەو گۆڕانە سوودمەند دەبن؟ بۆچی تا ئێستا یەکیان نەگرتووەو پێشبینی چ ئایندەیەك بۆ

پێیە بۆ خەڵکی؟ ئاخۆ عێراق دەخاتە سەر ڕێچکەی پێشکەوتنو دیموکراسی، ئایا بەراستیو بەکردەوە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد زامن دەکا بە دامەزراندنی فیدراڵیو، مافی نەتەوەکانی تر دەستەبەر دەکات؟ تەنیا ڕێگاچارەیەك بۆ وەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بەشداری کردنی گەلە لە ڕووخاندنی ڕژێمدا، ئەویش لە ڕێگای هێزە نیشتمانییەکانی ئۆپۆزسیۆنەوە.

- کەواتە ڕێگایەك لە بەردەم ڕژێمی عێراقدا ماوەتەوە کە ڕێگەدان بە تیمەکانی پشکنین خۆی لە گورزێکی سەربازی لادا، یاخود ئەمریکا بڕیاری پێش وەختی داوەو لە حاڵێکدا ئەگەر ڕژێم ڕێگە بە گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنین بدات یان ڕێگەی پێنەدات، ئەمریکا هەر گورزی خۆی دەوەشێنێ؟

+ ڕەنگە ئامانجی ئەمریکا بۆ ڕووخانی ڕژێم هەر بمێنێ، ئەوان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کەمانەوەی ڕژێم ڕێگرە لە بەردەم وەدیهێنانی داواکارییەکانیاندا، ئەمە شتێکە بەڵام شێوازی جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە بێگومان جیاوازی دەبێو کاتێك کە ڕژێمی عێراق یاخی دەبێو، بە گێلییەوە گەڕانەوەی لیژنەکانی پشکنین ڕەتدەکاتەوە، بەشێوەیەکی کردەیی کاری ئەمریکا ئاسانتر دەکا بۆ پەنا بردنە بەر شەڕ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکەو، ڕێگە لە بەردەم ئیدارەی ئەمریکادا ئاسانتر دەکات بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتییەکی نێو دەوڵەتی بۆ لێدانیعێراق. لە حاڵێکدا کە ڕازی بوون بە گەڕانەوەی تیمەکانی پشکنینو دڵنیابوون لەوەی کە عێراق چەکی کۆکوژی نییە، ڕەنگە ببێتە ڕێگر لەبەردەم بەرپاکردنی جەنگدا، ئەمەیە جیاوازییەکە، لێرەدا ئێمە قسە لە سەر جەنگ دەکەین وەکو ئامرازێك بۆ گۆڕینی ڕژێم لە عێراقدا، لێرەدا دوو ڕێگا چارە هەن، ڕێگاچارەی یەکەم ڕێگای جەنگە کە ڕەتی دەکەینەوەو، ڕێگا چارەی دووەم ڕێگا چارەی پەنابردنە بەر شەرعیەتی نێو دەوڵەتییە، بێگومان سیاسەتیش واتای خۆی هەیە، ناکرێ جیاوازی لە نێوان ڕازی بوون بە گەڕانەوەی پشکنەرانو، ڕەتکردنەوەی گەڕانەوەیاندا نەبێ، بەڵێ ڕێگەیەك هەیە بۆ خولادان لە جەنگ، دواخستنی ئەو جەنگە، چونکە لە سیاسەتدا کاتو بەهای خۆی هەیە، ئەگەر لە ئەمڕۆدا ناتوانی شتێك بکەی، دەکرێ ئەو شتە دوا بخەی، ڕەنگە لە داهاتوودا دەرهاوێشتەی نوێ بێنە ئاراوەو، هەڵوێستی سیاسی گۆڕانی بە سەردا بێ، کەواتە ڕژێم بۆچی ئەمەیان ناکات، پێویستی

ناوچەکە دەکەن؟

+پرسیارێکی زۆر بەرفراوانتان کرد، ئێمە بڕوایەکی تەواومان هەیە کە گۆڕانی نموونەییو ئەلتەرناتیڤی گونجاو، تەنیا ڕێگای چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنەو، سەرکردایەتی کردنی جەماوەری گەلو هێزە چەکدارەکانە لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە، تەنانەت لە ناو ئەوانیشدا بەشێکی زۆر لە وانەی لە ناو دەزگاکانی دەسەڵاتو لە ناو خودی حزبی بەعسداو دەزگا سەربازییەکاندا کار دەکەن، چونکە ژمارەیەکی زۆری ئەوان مەینەتی دەکێشنو ناچارن کە لە ئێستادا لەگەڵ ڕژێمدا کار بکەن، بەڵام ئەگەر هەلێکیان بۆ بڕەخسێ، بەرەی گەل هەڵدەبژێرن، ئێمە وەکو حزبی شیوعی هەوڵی سەرەکیمان بۆیەکخستنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنە. کە هێزێکی بەرچاوو کاریگەرەو ئامادەگییەکی کۆمەڵایەتییان هەیە، بەڵام بە هۆی تیرۆرو سەرکوتکردنەوە ئامادەگییەکی شاراوەیان هەیە. ئەمەش لە دەستێوەردانی دەرەکی بەدەر نییە، ئەو دەستێوەردانانە کە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە ڕێگر بێ لە بەردەم یەکگرتنی هێزە بەرهەڵستکارەکاندا جا ئەم دەستێوەردانە چ نێو دەوڵەتی بووبێو چ هەرێمایەتی. چەندین ساڵە هەر کە هێزە بەرهەڵستکارەکان کۆدەبنەوەو دەیانەوێ ڕیزەکانیان یەکخەن بۆ دامەزراندنی بەرەیەك یاخود بۆ دروستکردنی شێوە ڕێکخستنێك بۆ یەکگرتنی ئۆپۆزیسیۆن، یەکسەر کارتێکردنوفشارە دەرەکییەکان کاردەکەن بۆ تێکدانی، هەر لایەك لە ڕوانگەی خۆیەوەو بۆ مەبەستی خۆی، هێزە نێو دەوڵەتییەکان بۆ دەسەڵات سەپاندنی خۆیانو، هەرێمایەتییەکان بۆ داپڕینی بەشێکی زۆرترو.. هتد. بەڵام سەرەڕای تیرۆرو، دەستێوەردان، تا ئێستاش پێویستی ماوەو، بەرپرسیارێتی مێژوویی لە بەردەم بەرهەڵستکاری نیشتمانی بە هەموو ڕەوتە جیاوازییەکانییەوە هەر ماوە. مەبەستمان ڕەوتی دیموکراتییە کە حزبی شیوعی دەگرێتەوە، ڕەوتی نەتەوەیی کوردی کە بەرچاوترینیان (پ.د.ك)و (ی.ن.ك)و ڕەوتی ئیسلامی کە لە بەرچاوترینیان ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیو حزبی دەعوەو هەروەها ڕەوتی نەتەوەیی عەرەبی کە ئێستا لیژنەی تەنسیقی نەتەوەیی دیموکراسی نوێنەرایەتی دەکات.

ڕەوتە بەرهەڵستکارە عێراقییەکان لە ئاستی پێویستدان، شایستەنو ڕەگو ڕیشەشیان لە ناو کۆمەڵدا هەیە، مێژوویەکیان هەیە لە چالاکی سیاسیداو، ئایندەشیان هەیە. لە توانایاندایە، ئەگەر خۆ لادەن لە فشاری دەرەکیو ئەگەر کێشە نێوخۆییەکانیان چارە بکەنو، بە تایبەتیش بنیاتنانی پەیوەندییەکی دیموکراسیانە لە هەڵسوکەوت کردنیان لەگەڵ یەکتردا، دووبارە دەڵێم لە توانایاندایە سەرکردایەتییەکی سیاسی مەیدانی دابمەزرێنن، بۆ سەرکردایەتی کردنی تێکۆشانی جەماوەرو هێزە سەربازییەکان. لە توانایاندایەو دەبێ بەشێوەیەکی شایستە ڕووبەڕووی ڕژێم ببیتەوە، ئەو کات دەتوانرێ کەڵك لە هەموو جۆرە پاڵپشتییەکی مادیو مەعنەوی دەرەکی وەربگیرێ، تەنانەت لە وڵاتە یەکگرتووەکانیش، ئەوەش لە پێناو وەدیهێنانی ئەو پرۆژەیەی کە ئێمە ناوی لێدەنێین پرۆژەی نیشتمانی دیموکراسی عێراق، پێویستە لە بنەڕەتیشدا لە پێناو بەرژەوەندیی گەلی عێراقدا دابمەزرێ، بەو پێیە کە بەرنامەیەکی نیشتمانی عێراقی سەربەخۆیە، بەڵێ ئۆپۆزیسیۆن هەیە، چاوپێکەوتنێكو پەیوەندنیو چالاکی هاوبەش هەن، بەڵام بەداخەوە نەگەیشتونەتە ئاستی دامەزراندنی بەرەیەکی یەکگرتوو، لێرەدا مەسەلەکە ململانێو پێشبڕکێیە لەگەڵ زەمەندا. چونکە هەر کەسێك کە تەماعی لە عێراقدا هەیە، یان هەوڵی ئەوە دەدا بەشێکی زۆرتردا بڕێ، هەوڵ دەدا ڕێگەش لە دامەزراندنی ئەم هاوپەیمانێتییە نیشتمانییە بگرێ، کە لە بنەڕەتدا بەرژەوەندی گەلی عێراق لە بەرچاو دەگرێ.

من پێم وایە ئەگەر هەر مرۆیەکی عێراق، تەنانەت چەندە ساکاریش بێت لە بەردەم هەڵبژاردەی گۆڕینی ڕژێم بە دەستی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقو بە پاڵپشتی دەرەکیو لە نێوان گۆڕینی ڕژێم بە هێزی دەرەکی، بێگومان هەڵبژاردەی یەکەم هەڵدەبژێرێ. ئێمە لەگەڵ جەماوەردا این، بەڵام ئەگەر مەسەلەکان بەرێگایەکی تردا ڕۆیشتن، کە بە داخەوە پێچەوانەی ویستی ئێمە دەبێ، ئەوە لە دەرەوەی کۆنترۆڵی ئێمە دەبێ، بەڵام ئەمەش خاومان ناکاتەوە، هەڵوێستمان نێگەتیڤ نابێ، چاوەڕوان دانانیشین، بەردەوامو هەمیشە وەکو حزبێکی شیوعی ڕێگاو ئامرازی پێویست دەدۆزینەوە تاوەکو لەگەڵ جەماوەردا بین، تاوەکو کارابین بۆ وەدیهێنانی ئەوەی کە دەمانەوێ، چ بەر لە جەنگو، چ لە جەنگو، چ لە دوای جەنگ، چ لەکاتی جەنگیشدا بێ.

- دوا وتەتان چییە لەم بۆنەیەدا؟

+ کاتی ئەوە هاتووە ئەم مەینەتییەی گەلەکەمان بە هەموو نەتەوەکانییەوە تێیدا دەژی سنوورێکی بۆ دابنرێ، لە دڵەوە هیوا دەخوازم کە ئەم مەینەتییە کۆتایی پێ بێو، عێراقێکی دیموکراتی فیدراڵی یەکگرتوو دابمەزرێو هەمووو عێراقییەك هەلی ژیانێکی بەختەوەرو جێگیرو ئاسایشی هەبێو لە ناو نیشتمانەکەی خۆیدا. ئومێدەوارم کە دروشمی حزبمان بێتەدی، کە لەوەتەی دامەزراندنییەوە بەرزی کردۆتەوە بۆ هێنانەدی نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار.